# ئیمام جەلال لە گەڵ ڕۆژنـــامەی (الشرق الاوسط)دا !

تـاهیـــر حـەســەن

tahirhassan1@yahoo.com

2006/5/16ی ڕۆژنامەی (الشرق الاوسگ)دا، گفتوگۆیەك لەگەڵ (جەلال تاڵەبانی) سەبارەت بە قەیرانی حکومەتو مەسەلە هەڵواسراوەكانی تری وەزعیەتی سیاسی عێراقو كوردستان سازكرا. من باوەڕم وایە مەسەلە ناواقعیو ئاوەژووەكانی نێو ئەو گفتوگۆیە هەزاران كەسی وەك منی سەرسام كرد!. ڕەنگە بەهەدەر نەڕوات، ئەگەر لەسەر چەند وێستگەیەكی ئەو گفتوگۆیە بوەستینو قسەیەكی كورتیان لەسەر بكەین.

### (عێراق لاواز نیە، لەتوانایدایە كێشە بۆ دراوسێكانی دروست بكات):

ئەو نیوە دێڕەی سەرەوە ناونیشانی گفتوگۆكەی تاڵەبانی بوو، كە بەمانشێتی گەورە لەسەرەوەی بلاّوكراوەكە نوسرابوو. لەدنیای ڕۆژنامەگەریدا (چ حزبیو حكومی، چ ئەهلی) كە هەمیشە سیاسەتێكی دیاریكراو ئاڕاستەدەكەن، بەرجەستەكردنەوەی دێڕێكی گفتوگۆو كردنی بە مانشێتی گەورە، ناتوانێت لە دوو مانا زیاتری هەبێت. یان ئەوەیە ئەو بلاّوكراوەیە ئەو قسەیە بەلایەوە بایەخدارو گرنگەو دەیەوێ وەك ناونیشانی بابەتەكە لە زهنیەتی خوێنەردا بیهێڵێتەوە، یان ئەوەتا ئەو قسەیەی پێ نادروستەو ئاگاهانە دەیەوێ سەرنجی خوێنەر بباتە سەر بێ بایەخیەكەی. هەرجۆرێك بێت قەزاوەتی كۆتایی خوێنەر دەیكات. من باوەڕم وایە ئەم مانشێتەی گفتوگۆكەی تاڵەبانی لە مۆدێلی ئەوەی دووەمیانە. نەك لەبەر ئەوەی منو بزووتنەوەكەم موخالیفی تاڵەبانی وبزووتنەوەكەی ئەوین، بەڵكە، شكم هەیە لەوەی تەنانەت جێگرەكانی تاڵەبانیش قسەكەی بسەلمێنن، چ جای بگات بەخەڵك!. ماوەیەك بەر لە ئێستا (مەحمود عوسمان)، كە لە لیستەكەی تاڵەبانیە، لە ڕادیۆ (هاوپشتی)ی سوویدەوە ووتی: (هەتا حكومەتی عێراق لە ناوچەی سەوز خۆی بشارێتەوە، ناتوانێت هیچ كارێكی بۆ خەڵكی عێراق لەدەست بێت !. باشە حكومەتێك تەنیا لەسەر تەلەفزیۆن هەبێتو لە ناوچەیەكدا خۆی شاردبێتەوە، چۆن دەتوانێ كێشە بۆ وولاّتانی دراوسێی دروست بكات؟!. بەخوا هەر زۆر زۆرە مامە!.

### سەردەمی كودەتای سەربازیو سواربوونی دەبابە بۆ گەیشتن بە دەسەلاّت تەواو بوو!

تاڵەبانی لەو گفتوگۆیەدا دەڵێ: (دەبێ ئێمە ڕێگا بگرین لەوەی كە سەرۆكێك لە ڕێگای كودەتای سەربازیو سواربوونی دەبابەوە بەدەر لە ئیرادەی خەڵك بێتە سەر حوكم...ئەمڕۆ عەولەمە كودەتای سەربازی قبووڵ ناكات!).

هەرچەندە من باوەڕم وایە، كە كودەتای سەربازی میكانیزمێكی كۆمەڵایەتی كومەڵگە نیە بۆ دەست بە دەست پێكردنی دەسەلاّت لەكۆمەڵگەداو بەتووندی دژی ئیرادە نواندنی خەڵكە بۆ دیاریكردنی چارەنووسی خۆیان. بەلاّم سەرباری ئەوەش، سەد بریا تاڵەبانیو جەماعەتەكەی ئێستا لە ئەنجومەنی دەسەلاّت، وەك (پەرویز موشەڕەف) لە ڕێگای كودەتای سەربازیەوە ڕژێمی بەعسیان بڕوخانایەو كۆمەڵگەی عێراقیان بەم وێرانەیەی ئێستا نەگەیاندایە. ئەگەر وابووایە لانی كەم ئێستا خەڵكی عێراق بیری لای ئەمنیەتو ئاوو كارەبا نەبوو، بیری لای ئەوە بوو چۆن لەگەڵ ئەم دەسەلاّتە نوێیەدا خۆی پێناسە بكات وچارەنووسی بەكوێ بگەیەنێ.

ئەگەر بۆ لەحەزیەك ئەم قسەیەی تاڵەبانی بە جدی بگرین، ئەگەر تەنانەت خودی تاڵەبانی ئیحتیرامی ئەم قسەیەی خۆی دەگرێت، ئەوا دەبێ هەر ئێستا خۆیو جەماعەتەكەی (حەكیمو عەلاوی) دەست بەجێ دەسەلاّت بە جێبهێڵن. چونكە ئەوان نەك هەر بەسواری دەبابە هاتن، بەڵكو لەڕێگای جەنگێكەوە هاتن، كە تەواوی دنیا ووتیان نەخێر بۆ جەنگ. ئەوان لە ڕێگای بەشداریكردن لە جەنگێكدا هاتوونەتە سەر كورسی دەسەلاّت، كە كۆمەڵگەی عێراقی كردە كەلاوەو گوڕستان بۆ سەدان هەزار كەس لە دانیشتوانەكەی!. ئەو عەولەمەیەی ئێستا ئەمریكا لە دنیادا ڕابەرایەتی دەكاتو تاڵەبانی دەڵێ كودەتای سەربازی قبووڵ ناكات، تا ئێستا دەیان جار پەنای بۆ سازدانی جۆرەها كودەتای سەربازی وتەنانەت تیرۆری سەرۆكی كوباو فەنزویلا بردووەو شكستی خواردووە!.

كودەتای سەربازی یەعنی بە كارهێنانی چەكو سووپا لە پیلانێكدا لەلایەن جەماعەتێكی نێو دەسەلاّتێكی دیاریكراوەوە، بۆ هێنانە خوارەوەی جەماعەتێكی ترو چوونی جەماعەتی سەركەوتوو بۆ سەر دەسەلاّت. بەلاّم ملهوڕی سەربازی ئەمریكاو تیرۆریزمە عەولەمیەكەی، لەدووری دەیان هەزار كیلۆمەترەوە، بەدەر لە ئیرادەی بەشەرییەتی ئازادیخواز، بەمووشەكی دوورهاوێژ كۆمەڵگە وێران دەكاتو ئینجا سووپای سەربازی دەخاتە نێو جادەو كۆلاّنەكانی ژیانی خەڵكەوەو پاشان ئەوانەی لە جەنگی وێرانكاریدا بەشداریان كرد، دەیانباتە سەر كورسی دەسەلاّت. ئەوان لە ئاوها سیناریۆیەكدا هاتن. تاڵەبانی شەخسی خۆی تا ئێستا چەندین جار ئەوەی دووپات كردۆتەوە، كە ئەگەرجەنگو هێزی سەربازی ئەمریكا نەبووایە ڕژێمی بەعس نەدەڕوخا، ئێستاش دەڵێ بەبێ ئەوان ناتوانین خۆمان ڕابگرین!!. بەڕاستی ئینسان نازانێت ئەم قسە ناكۆكو دژ بەیەكانە كامیان لە تاڵەبانی وەربگرێت؟!. نیگەران مەبن، لە خوارەوە تاڵەبانی وەلاّمی ئەو پرسیارەمان دەداتەوە.

## لەباری مەزهەبەوە من سوونیم!

(الشرق الاوسگ) لە تالەبانی پرسی: (ئێوە بە عەلمانیەت ناسراون، چۆن لە حکومەتێکی شیعەو سوونەدا ئیتفاق دەکەن؟)

تالەبانی قسەکەی پێ بڕیو ووتی: (ئەوەت لەبیر نەچێت من لە باری مەزهەبەوە، سوونیم !).

ئەگەر کەسێك بڕێك بە دیقەتەوە تەماشای ئەو گفتوگۆیە بکات، زۆر بەڕۆشنی دەتوانێت پەنجە بخاتە سەر ئەو دیاردەیەی، کە تایبەتمەندی شەخسیەتی تالەبانیە لە سیاسەتداوخەلکی کوردستان پێی ئاشنان.

تەماشاکەن. کەباسی شیعە دێتە پێشەوە جۆرێك قسە دەکات، ئینسان هەست دەکات تالەبانی ئامۆزای (عەلی کوڕی ئەبو تالیبە)!. کەباسی ناسیونالیزمی عەرەب دێتە پێشەوە، دەڵێ زمانی عەرەبی زمانی قورئانەو ئەوەی نەیزانێ زەرەر دەکاتو خۆلاسە هیچ ئیمام جومعەیەك پێی ناگات!، کەباسی مەزهەبی سوونە دێتە پێشەوە، دوێنێ لەگەڵ عومەری کوڕی خەتابو عوسمانی کوڕی عەفان نوێژی کردووە!، کەباسی کەرکوك دێتە پێشەوە ئەوا (شێخ عەولکەریمی کربچنەو حەمەی کوڕی) لە عەشیرەتەکەی ئەوانەوە فێری دانانی تەکیە بوونو تەکیەی تالەبانی لە هەمووان کۆنترە لەو شارەدا!. کە باسی عێراق دێتە پێشەوە، ئەوا ناهێڵێ کەس لە عێراقی بوونو پەروەراندنی نیشتیماندا پێشی بکەوێت!!. جاروباریش ئەگەر لاوان وپێشکەوتنخوازانو ژنان یەخەیان گرت، سەرێکیش دەکات بە دەرگای عەلمانیەتدا، بەلاّم دەڵێ جاری وەختی نیە!!. جا تالەبانی وکەسانێك کە بەچاوی نوقاوەوەو گوێی نەبیستراوەوە قبوولّیان کردووە، یان بەرژەوەندی شەخسیان وا دەخوازێ، ئەمە بە هونەرێکی زۆر موهیم دەزانن!. بینینی ئەم دەورە جیاوازو ناکۆكو جۆراوجۆرانە، دەتوانێ تایبەتمەندی ئەکتەرێکی سینەمایی سەرکەوتوو بێت، بەلاّم لە سیاسەتدا دەتوانێ تەنیا تایبەتمەندی سیاسەتمەدارێکی فاشیل بێت. لەلای تالەبانی سیاسەت هونەری درۆکردنە، سیاسەتمەداری سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کە بتوانێ نەیاری بەرامبەری بخەڵەتێنێ وکەڵەکی لێ بدا!. سەیر ئەوەیە بە درێژایی تەمەنی سیاسی تالەبانی بۆ یەکجاریش نەیتوانیوە لایەنی نەیاری بەرامبەری بخەڵەتێنێ، بەپێچەوانەوە هەمیشە کەڵەکیان لێداوەو خەڵەتاندوویانە.

نموونەی بوونی بە سەرەك کۆماری عێراق لە ئیتیفاقی نێوان خۆیانو پارتیدا، دەتوانێ تێپەڕبوونی کەڵەکی پارتی بەسەریدا زۆر ڕۆشن نیشان بدات. ئێوە تەماشا کەن. کوردستان لەئاکامی هەر سیاسەتێکەوە بووبێت، سەرئەنجام ئێستا کۆمەڵگەیەکی جیایە لە باقی ناوچەکانی تری عێراق، بەتایبەتی لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسەوەو پێناسەکردنی نارەوای دانیشتوانی عێراق بەسەر قەوم وتایەفەو دینەکانداو قوولکردنەوەی بێ ئەوپەڕی دەمارگیری نەتەوەپەرستی، ئیتر ئەو پردە ش کەپێشتر لە نێوان خەڵکی کوردستان وباقی ناوچەکانی تری عێراقدا مابووەوە، ڕووخاو کوردستانو باقی ناوچەکانی تری عێراق بوون بە دوو کۆمەڵگەی جیا لەیەك. ئێستا ئیتر کاروکاردانەوەو میکانیزمی کۆمەلاّیەتی چەرخانی هەر یەکێکیان لەوی تر جیایە. بیرکردنەوەی خەڵك، خواستەکانی خەڵك، چەرخانی بازاڕو سەرگەرمی خەڵك، هیچ شتێکیان لە یەکتری ناچێت وهەریەکەیان بە میکانیزمی تایبەت بە خۆیەوە دەچەرخێ. جا بوونی تالەبانی، کە حزبەکەی بەزۆری چەك بێت یان هەر شتێکی تر، تایەکی دەسەلاّتی بزووتنەوەی کوردایەتیە لەکوردستاندا، بەسەرەك کۆماری کۆمەڵگەکەی تر کەتیایدا هیچ ڕەنگ وبۆیەکی نیە، تەنیا دەتوانێ بووکە شووشەیەك بێت!. ئەوەی کە تالەبانی دەڵێ من سەرەك کۆماری هەموو عێراقیەکانم، تەنیا هەتا بەر دەرگای بارەگاکەی خۆی لە بەغدا بڕ دەکات، دەنا لەو دیوی دەرگاکەوە میکانیزمێکی تر پێناسەی جێگاو ڕێگای هێزەکان دەکات، کە تەنیا مافی (پەناهەندەیی) دەدات بە تالەبانی نەك (سەرەك کۆمار)!. جادەی عێراقی وئەفکاری گشتی خەڵك، هێشتا (عەلاوی) یان پێ واقعی ترە تا تالەبانی!. ئەو عێراقیانەی کە تالەبانی خۆی بەسەرۆکیان دەزانێ، بە نارەوا دابەشکراون بەسەر قەوم وتایەفەو دیانەتەکانداو خودی چوونی تالەبانی بۆ بەغدا سەرقفلانەی قەومی کوردە وەریگرتووەو ئەمریکا لەوێ دایناوە!. چۆن دەکرێ لە کۆمەڵگەیەکدا مەیداندار بیتو بچیت لە کۆمەڵگەیەکی تردا خۆت بکەیت بە سەرەك کۆمار؟!. بۆیە ئەوەی کە بارزانی بە سەغاوەتەوە تالەبانی کاندید کرد بۆ سەرەك کۆماری عێراقو خۆیشی بۆ سەرۆکی کوردستان، ئەو کەڵەکەیە کە بەسەر تالەبانیدا تێپەڕی!.

ئەگەر دانیشتوانی کۆمەڵگەی عێراق هەر لە سەرەتاوە تەنیا عێراقی بوون ناسنامەیان بوایەو هەرلەسەر ئەو بناغەیە دەوڵەتو حکومەت دروستبکرایەتەوە، ئەوا بۆ وەرگرتنی هەر پۆستێکی دەوڵەتی هیچ کەسێك لە نەتەوەو زمانو مەزهەبی کەسی نەدەپرسیو دەکرا هەر کەسێك لە هەر پۆستێکدا ببێت. بەلاّم بە داخەوە کە ئێستا وانیە. تالەبانیو بارزانیو حزبەکانیان نوێنەرانی سیاسی بزووتنەوەی کوردایەتی وناسیونالیزمی کوردنو بە جوگرافیایەکی دیاریکراوەوە پێناسە دەکرێن کە پێی دەڵێن کوردستان، ئەمە بۆ ناسیونالیزمی عەرەبیش هەروایە، چەندە بوونی (جەعفەری) بەسەرۆکی کوردستان واقعیە، بوونی تالەبانیش بەسەرەك کۆماری عێراق هەر ئەوەندە واقعیە.

## خەڵکی کوردستان بە ئیرادەی خۆیان بڕیاری مانەوەیان دا لە عێراق !

پێم وانیە لە 90٪ ی تەنانەت هەموو ئەو کەسانەش کە خۆیان بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەزانن، ئەم ئیدعایەی تالەبانی بسەلمێنن!. تالەبانی نزیکەی سالێك بەر لە ئێستا، بە بێ ئەوەی هیچ کەسێك فشاری بۆ هێنابێتو ناچاری کردبێت بە دەمی خۆی ووتی: (لە پەنجاو ئەوەندە سالی ڕابردووی تەمەنی سیاسیمدا بۆ تەنیا یەك ڕۆژێکیش باوەڕم بەسەربەخۆیی کوردستان نەبووەو بۆی تێ نەکۆشاوم!). کەوایە چ شتێك لەوە ئاشکراترە، نەك هەر ئێستا بەڵکو لە دێرزەمانەوە تالەبانی دژی سەربەخۆیی کوردستان بووە، بەلاّم ئێستا دەیەوێ بیروباوەڕو ئامانجو نەخشەی سیاسی حزبەکەی بە ناوی خەڵکی کوردستانەوە شەرعیەت پێبدات. هەموو کەس دەزانێ سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی بە ئیرادەی خۆیان مانەوەیان لە عێراقداو شەریکبوون لە دەسەلاّتی سیاسی مەرکەزیدا هەلبژارد، بەلاّم خەڵکی کوردستان نەك هەر ئەو ئیختیارەیان نەکردووە، بەڵکو ئیرادە نواندنی سەرکردایەتی یەکێتیو پارتی بۆ مانەوە لە چوارچێوەی عێراقدا، دروست لەسەر بێ ئیرادەکردنی خەڵکی کوردستان لە دیاریکردنی

چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگەکەیاندا تا ئێستا بەڕێوە براوە. کەی و لەچ جێگایەکدا ڕاپرسی بە خەڵکی کوردستان کراوە، کە دەیانەوێ لە چوارچێوەی عێراقدا بمێننەوە یان دەیانەوێ جیا ببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن؟!. کەی و لەکام پرۆسەی ڕاپرسی دیموکراتیکدا خەڵکی کوردستان بە ئیرادەی خۆیان بڕیاری مانەوەیان لە عێراقێکی عروبی _ ئیسلامیدا داوە؟!. ئەگەر مەبەست لە بڕیاری خەڵکی کوردستان، بڕیاری دوکانەکەی یەکێتی و پارتی بێت، کە ناوی پەرلەمانیان لەسەر داناوە، تەنیا جێگای گاڵتەجاڕیە.

ئەگەر تەنانەت ئەوەی کە پێی دەڵێن پەرلەمانی کوردستان ئەم کارتۆنەی ئێستاش نەبوایەو وەك پەرلەمانی سوویدو ئەڵمانیاو فەڕەنسا واقعی بووایە، هێشتا مافی ئەوەی نەبوو چارەنووسی سیاسی ملیۆنەها ئینسان و نەوەکانی سبەینێی کۆمەڵگەی کوردستان بۆ ئایندەیەکی دوور دیاری بکات. چونکە ناکرێ پەرلەمانێکی تەمەن چوار ساڵە، کەلە ئاکامی هەڵبژاردنێکەوە هاتبێتە ئاراوەو حزبێکی دیاریکراو تیایدا بەهێز بێت، کە ڕەنگە دەورەی دووەمی هەڵبژاردن کەمینە بهێنێت ودەسەڵات لە دەست بدات، چارەنووسی سیاسی کۆمەڵگەیەك بۆ هەمیشە دیاری بکات؟!.

تاڵەبانی لەو گفتوگۆیەداو لە ڕێگای پەیامنێری (الشرق الاوسگ) ەوە، جارێکی تر ناسیونالیزمی عەرەبی دڵنیا کردەوەو ووتی: (ئەو ڕاپرسیەی کە لە کوردستاندا کرا، بۆ جیابوونەوەی کوردستان نەبوو، بەڵکو بۆ دیاریکردنی مافی چارەنوس بوو)!!.

سەربەخۆ لەوەی کە ئەو سیناریۆیەی یەکێتی خستیە ڕێگاو ناوی (بزووتنەوەی ڕاپرسی) خەڵکی لەسەر داناو سەرباری هوشداری ئێمە زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی ئالوودە کرد، هیچ نزیکایەتیەکی لەگەڵ ڕاپرسیەکی ئازاددا نەبوو، وە خاڵی بوو لە کەمترین پێداویستی ڕاپرسی، هاوکات سەربەخۆ لەوەی کە ئامانجی یەکێتی لەو سیناریۆیەدا، تەنیا کەڵك وەرگرتن بوو لە ئیمزاو پەنجەمۆری خەڵك بۆ ناچارکردنی نەیارانیان لە بەغداو وەرگرتنی ئیمتیازی زیاتر لە دەسەڵاتی خۆیاندا، بەڵام بەو حاڵەشەوە هێشتا ملیۆنێك و چەند سەد هەزار کەس لە خەڵکی کوردستان دەنگیان دا بە جیابوونەوەی کوردستان!. تاڵەبانی هەموو هەوڵی ئەوەیە کە خواستی خەڵکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، بەزۆر بکات بەژێر بیروباوەڕێکدا، کە خۆی دەڵێ (بە درێژایی تەمەنی سیاسیم بڕوام پێی نەبووە)!. دەنا چەمکی (مافی دیاریکردنی چارەنووس) خۆی لە خۆیدا بەیانی چ شتێك دەکات، تا خەڵکی جوگرافیایەکی دیاریکراو ڕاپرسی بۆ بکەن کە دەیانەوێ، یان نایانەوێ؟!. (مافی دیاریکردنی چارەنووس) خۆ ڕێگاچارەیەك نیە تا ڕاپرسی بۆ بکرێ!. (مافی دیاریکردنی چارەنووس) زۆر بە سادەیی یەعنی بەڕەسمی ناسینی مافی (مانەوە یان جیابوونەوە) ی خەڵکی جوگرافیایەکی دیاریکراولە جوگرافیایەکی تر، بەوەی کە دەیانەوێ لەگەڵ مەرکەزدا بژین، یان جیا دەبنەوەو دەوڵەتێکی سەربەخۆ دروست دەکەن. (مانەوە یان جیابوونەوە) لە(مافی دیاریکردنی چارەنووس) دەربکێشی هیچی نامێنێتەوە!. بەهەرحاڵ لەهەردوو حاڵەتەکەدا بڕیار لەدەستی خەڵکدایە، نەك هیچ کەس وحزبێك.

سیاسەتی یەکێتی و پارتی بۆ لکداندنەوەی بە زۆری کوردستان بە عێراقەوە، بەتووندی ناکۆکی و دوژمنایەتی سیاسەتی ئەو دوو حزبە نیشان دەدات لەگەڵ خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستاندا. کوردستان تازە وولاتێکی جیایە، یەکێتی و پارتی ودەسەلاتی هاوبەشیان لەگەڵ ناسیونال _ ئیسلامی عەرەب، دەبێ لافاوی خوێنی خەڵکی کوردستان بڕێژن بۆ لکاندنەوەی بەزۆری کوردستان بە عێراقەوە. خەڵکی کوردستانیش دەبێ لەگەڵ ئێمە تێبکۆشن، کە ئەم جیاییەی ئێستای کوردستان، ڕەسمیەتی نێو دەوڵەتی پێ بدەن و کوردستان وەك وولاتێکی سەربەخۆ لە نەخشەی جوگرافیای سیاسی دنیادا پێناسە بکەن. ئەمەش لە سازدانی ڕاپرسیەکی ئازادی خەڵکی کوردستاندا لە ژێر چاودێری ئۆرگانی نێو دەوڵەتیدا ئیمکانی هەیە. ئەوکات تاڵەبانی و بارزانی و هەر کەس و هێزێکی تر هەقیانە خەڵکی کوردستان قەناعەت پێبکەن، کە جیابوونەوە بە قازانجیان نیەو ئێمەش هەوڵ دەدەین خەڵکی قەناعەت پێ بکەین کە بەقسەی ئەوان نەکەن و جیاببنەوەو دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان دروست بکەن.